www.zanayan.org

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

# ڕاپۆرتی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی گەرمیان سەبارەت بەسەفەری حەجی ئەم ساڵ ٢٠١١

ئامادەكردنی /مەلا ئیدریس ژاڵەیی
adreszhaliy@yahoo.com

ئـەم ڕاپۆرتـە لەلایـەن بەڕێوەبـەری حـەجوعومرەی گـەرمیانو كـارگێری لقـی گـەرمیانی یـەكێتی زانایانـەوە بۆبەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی هەرێم لەوەزارەتی ئەوقاف ڕەوانە كراوە

**پێشەكی:**

لەم ڕاپۆرتەدا دەخوازم شەرەفی ئەوەم هـەبێت كـە بەشـداربم لەبەرەوپێشچون و سـەركەوتنی بەرێوەبەرایـەتی گشـتی حـەج و عومرەی هەرێمی كوردستان لە كارەكانی حەج و خزمەتكردنی زیاتر بـە حاجیـانی هـەرێمی كوردسـتان , بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەئەركـەكانی سەرشـانم هەسـتاوم لـە ئامـادە سـازیەكانی پـێش سـەفەرەكە و لـەكاتی بـە ڕێكـەوتن و لـەرۆژی سـەفەرەكە و لەفرۆكەخـانـە و لـە سـعودیە و لەشـوینە پیرۆزەكـان لـە مەككـە و لـە مەدینـە و هـەتا گەڕانـەوە بـۆ كوردسـتان، بـیرەوەری و ئینتیباعاتو تێبینیەكانی خۆمم تۆمار كردوون , لێرەدا ئاماژە بەچەند بابەتێك دەكەم، خاڵە لاوازەكان دیـاری دەكـەم چـەند پێشنیارێك پێشكەش دەكەم بەهیوای ئەوەی ببێتە ملۆیەك لە سەرخەرمانی ئەزمونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عـومرەی هەرێمی كوردستان كە بەدڵنیاییەوە بـەرێزیان لـە مـن لەپێشـترن و خـاوەن ئـەزموون تـرن، ئـەم ڕاپۆرتـەی منـیش هـەوڵێكی موتەوازیعانەیە و هیوادارم جێگای ڕەزامەندی بێت و سودی خۆی هەبێتو كەلێنێك پڕ بكاتەوە .

ئەم ڕاپۆرتەی لە خزمەتتاندا عەرزی دەكەم پێك هـاتووە لـەم پێشـەكیەی كـە ئێسـتا لەبەرچـاوتانە هـەروەها لـەم دووبەشـەی خوارەوە :

بەشی یەكەم/پێك هاتووە لە كۆمەڵێك پێشنیار كەهیوادارم پەنجەم خستبێتە سەر خاڵە لاوازەكان و چارەسەریشـم بـۆ دیـاری كردبن، ئەمەش لەئەنجامی ئەو ئەزمونە كەمەوە كەلەم سەفەرەدا بە چاوی خۆم دیقەتم داوەو بەبیروهۆشم ئـەزمونم كـردووە

بەشی دووەم / پێك هاتووە لە پاشكۆیەك و (خاتمە) كۆتاییەك :

پاشكۆیەكە پێك هاتووە لە چالاكیەكانی حەج و عومرەی گەرمیان كە هیچ كاتێك ئێمـە خۆمـان بـەخاوەنی نـازانین، هـەمووی بەهاوكاری دڵسۆزانو لەسەر فەرمان و ڕاسپاردە و بەرچاو ڕوونـی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی حـەج و عـومرەی كوردسـتان ئـەنجام دراون و ئەم چالاكیانەش مشتێكن لە خەرواری چالاكی بەڕێوەبەرایەتیەكانی حەجوعومرە لە سلێمانیوهەولێرودهۆك.

كۆتایەكەشی (خیتامە میسك)، انشاالله، پێك هاتووە لە داواكاریـەك كـە گومـانم نیـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی حـەجوعومرە و پاشان وەزارەتی ئەوقافی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەچاوی دڵ گوێی بۆ ڕادەگرن و دڵسۆزانە جێ بە جێ ی دەكەن،

## بەشی یەکەم/

## پێشنیارەکان:

١- سازکردنی خولی تەوعیەو شارەزاکردن لەبارەی سەفەرکردن، بۆنمونە ناڕەحەتی و تەنگی و هیلاك بوون کەسیمای سەفەرن، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی و سەفەری حەج و شارەزاکردنی ئادابەکانی بەشێوەیەکی تایبەتی , هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی هەریەکە لە فەرمانبەرانی حەج و حەملەدار و حاجیان، ئەرکەکانیان چیە و مافەکانیان چیە، سەرەڕای ئەمە لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەرنامە و دیمانەی جۆرا و جۆر مانگێك پێش سەفەری حەج بەبەردەوامی لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی بەڕێزبەسەرپەرشتی لیژنەی باڵای فەتوا لەیەکێتی زانایان پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی هەموان پایە و سوننەت و قەدەغەکراوەکانی حەج بزانن،کاریگەری حەج لەسەر ڕەفتارەکانمان، ئامانجەکانی حەج چین، پێداگری لەسەر ئەوەی حەج دەبێت گۆڕانکاری لە مرۆڤدا دروست بکات، ئەوە ڕوون بکرێتەوەحەج لەسەر کێ پێویستە، ئایاجارێك حەجت کرد ئیتر حەجێکی تر بکەیت یان ئەو پارەیە لەکاری خێری تردا ببەخشیت، دڵ خۆشکردنی بێ باوك و دایکێك، هاوکاری کردنی پیرێکی بێ نەوا ، یارمەتی دانی نەخۆشێك بۆ چارەسەرکردن، کامەیان خێری زیاترە، هەروەها ئایا ئەو پارە زۆرەی لەسعودیە بۆ مورگە باغە و لایلۆن و شمەکی بێ کەڵك‌و بێ سود بە هەدەر دەچێت ئایا ئیسراف و گوناه نیە، ئایا ئەگەر ناوت بۆ حەج تۆمارکرد پاشان ناوەکەت لە قورعە دەرنەچوو، پێویست دەکات هەوڵی نامەشروع بدەیتو تەکلیف لە ئەم و لەئەو بکیت ، یان بەکورتیو بەکوردی واسیتە بۆ حەج کردن بکەیت ، ئایا ئەوە پێشێل کردنو زەوت کردنی مافی کەسانی تر نیە، ئایا ئەو جۆرە حەجە قەبوڵە یان تەنها گوناهباری‌وهیلاکی‌و پارە بە هەدەر بردنە، ئایا ناونوسینەکە کافی نیە بۆ ئەوەی حوججەت لەلای خودا لەسەر نەمێنێت، هەموو ئەمانە لە مینبەری پیرۆزی مزگەوتەکانیشەوە لەووتارەکان بەووردی تیشکیان بخرێتە سەر.

٢- لەکاتی ناونوسین و قورعەی هاوڵاتیان بۆ سەفەری حەج , کەسانێك کە نەخۆشن و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی تەندروستیان لەبارنییە بۆ سەفەری حەج، هەروەها ئەوانەی عەقل و ئاوازەیان لەجێگەی خۆیدا نیە , وە ئەوانەی کە تەمەنیان زۆر تێپەڕی کردووە، وە ئەوانەی کەکەم ئەندامن، ئەمانە قەناعەتیان پێ بکرێت کە حەج پێویست نییە لەسەریان، خێریان ناگات خۆیان و کەسانی دەوروبەریان توشی نەخۆشی و ناخۆشی و بارگرانی بکەن پێشنیار دەکەم ئەم جۆرەکەسانە نەنوسرێن بۆ حەج .

٣- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج‌وعومرەوە کۆمەڵێك ڕێسا و پرەنسیپی تایبەت دیاری بکرێت بۆ لیژنەکانی تاقی کردنەوە و هەڵبژاردنی حەملە دارەکان کە ڕەچاوی بنەمای زانستی‌وئەخلاقی‌و توانای جەستەیی حەملەدارەکان بکات، هەڵسەنگاندنیان(تقیم) بۆ بکرێت، هەروەها ئەزمونی ساڵانی پێشووتر کە حەملەدار تاکو چەندێك توانیویەتی خزمەتی حاجیانی حەملەکەی بکاتو ڕەزامەندی هەموان بەدەستبهێنێت، پێویستە لە هەڵبژاردندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پێویستە حەملەدار ئیمانداری‌وخواپەرستی لە سیما و ڕەفتاریدا ڕەنگ بداتەوە، لەسەرخۆ و دڵنەرم‌و موتەوازیع‌و کارا وچالاك و خزمەتگوزاربێت، هەستی نەتەوایەتی‌وکوردایەتی بەرز بێت، نیشتمان پەروەر و خەمخۆر بێت بۆ جوانکردنی کورد و ئەزمونی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٤- بەدەل یان حەج کرین بەبڕێك پارەی دیاری کراو، واتە کەسێك بڕێك پارە کە زیاتر بە دۆلاری ئەمریکی مامەڵەی لەسەر دەکرێت بەکەسێکدا کەسەفەری حەج دەکات دەنێرێت بۆ سعودیە، ئەویش حەجەکەی بۆ دەکرێت‌وخۆشی بڕێك قازانج دەکات ، ئەم کارەش زیاتر لەسەر دڵنیا بوون و (سیقە) کردن بەو کەسانەی کەئەمانەتەکەیان پێ دەدرێت دامەزراوە، چەندساڵێك پێش ئێستا زۆر بەکەمی لەبارەی بەدەل حەجەوە دەزانرا، یان بەکوردی بازرگانیەکی

شاراوە بووە و بەنهێنی مامەڵە کراوە، بەلآم ئێستا بەهۆی هاتنە مەیدانی کەسانێکی تر و موونافەسە کردنی یەکتری لەسەر کەمتر کردنی نرخەکان و ڕێکلامکردنی نیمچە شاراوە،خەریکە وورد وورد کارەکە ئاشکرا دەبێت، هەندێك لەحەملەدارەکان تموحی بەدەل حەج وایان لێ دەکات کە زۆر بەگەرموگوڕی هەوڵی ئەوە دەدەن سەفەری حەج بکەن، کەمتر بایەخ بەو بڕە پارەیەی کە وەك هەقی فەرمی خۆیان وەریدەگرن دەدەن، چونکە حەملەداری وەها هەیە سەدەها بەدەل حەجی هەیە، دەڵێن هەر بەدەلێك لای کەمەکەی بە ٥٠٠ $ هەتاکو دەڵێن دەگاتە ١٠٠٠$ ، بێجگە لە حەملەدارەکان خەڵکی تریش لە کوردستانەوە بڕە پارە هەواڵەی سعودیە دەکات ولەوێش لە ڕێگەی چەند قوتابیەکی کوردەوە کە لەسعودیەن یان لەڕێگەی نوسینگەی تایبەت بەو جۆرە کارانە حەجەکانی بۆ دابین دەکەنو شەهادەی حەجەکانیان بۆ دەگەڕێننەوە، بیستم خەڵکی تر بەناوی شارەزا یان بەناوی مەلا بە پارە ی زۆرعومرەش بۆ خەڵکی کوردستان دەکەن، پێشنیار دەکەم لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجوعومرەوە ئەم کارە ڕێکبخرێت ، لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بەئاشکرا بنەماکانی دیاری بکرێتوباس‌وخواسی لەسەر بکرێت، پەردەی نهێنی بوونی لەسەر لابدرێت، لیژنەی فتوا لەسەر حەلآلی و حەرامی ئەو پارەیەی لەم ڕێگەیەوە پەیدا دەبێت فتوا بدات، مەرجو زەوابیت ی بۆ دابنرێت، هەرکەسەوبەویستی خۆی پارە وەرنەگرێت و قۆڵی خەڵکی ببڕێت بەناوی بەدەل حەجەوە، پێویستە نرخی بۆ دیاری بکرێت، بەڵگەی تەواویش هە بێت کە ئەو بڕە پارەیە دراوەو حەجەکەش کراوە، وە ئەو کەس‌و نوسینگانەی کەلە سعودیەن‌و شەهادەی بەدەل حەجەکان دەدەن، پێویستە تەحقیق لەبارەیانەوە بکرێت، ئایا بەڕاستی ئەو حەجانە دەکرێت یان تەنها کارێکی وەهمیەو بێویژدانانە پارەی هاوڵاتیانی کوردستان بەناوی بەدەل حەجەوەدەخورێت .

٥- حاجیانی کوردستان سەرەتا کە لەوڵاتی سعودیە دادەبەزن بەحوکمی ئەوەی کە بە دەگمەن سەفەریان بۆ دەرەوە کردووە، کە گەشتنە ئەوێ زۆر پەلەدەکەن بۆ کرینی سیم کارت وبەپەرۆشن بۆ قسە کردن لەگەڵ ماڵەوە، هەروەهاخێرا شمەکی پێویست دەکڕن‌و بۆ ئەم مەبەستە پارە دەگۆڕنەوە و چونکە زۆربەشیان نەخوێندەوارن زوو دەخەڵەتێن و پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات، ئەم حاڵەتە بەسەر زۆرێك لە حاجیاندا دێت, پێشنیار دەکەم چارەسەر بکرێت، ئەویش بەدیاری کردنی چەند کەسێك، یان لەڕێگەی ئەو لیژنەیەی کە بەمەبەستی ڕێکخستنی کارەکان و دابین کردنی ئوتێل و ڕێ و شوێنەکانی تر پێش وەخت سەفەری وڵاتی سعودیە دەکەن , مەبلەغێك پارە بگۆڕنەوە بۆ نمونە بە پێ ی ژمارەی حاجیان بۆ هەر حاجیەك (١٠٠) هەزار دیناری عێراقی بگۆڕنەوە بە ریاڵی سعودیو بۆ هەر حاجیەك سیم کارتێکی شیاو کەکێشە لە شەبەکەو قسە کردنیدا نەبێت‌و پێشوەخت تاقی بکرێتەوەو (وەحدە)ی قسە کردنیشی تێدا بێت، بەلآم خەرجیەکان لەو پارەیە بدرێت کە حاجیان پێش وەخت تەسلیمیان کردووە .

٦- سەرەتا کە حاجیان دەگەنە یەکێك لە دوو شارە پیرۆزەکە (مەککە و مەدینە) سەریان لێ دەشێوێت و ڕێبەرێکیان زۆر پێویستە، پێشنیار دەکەم ئەو ڕۆژە زۆر بایەخ بە شارەزاکردن و ڕێگە پیشاندانیان بدرێت و سەردانی حەرەمی پیرۆزی مەدینەیان پێبکرێت و ئاشنا بکرێن بە ئارامگای پیرۆزی پێغەمبەری خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێت)، لەشاری مەککەیش شارەزای کەعبە و تەواف و صەفا و مەروا بکرێن, حەملەدار و فەرمانبەران هیچ کەمتەرخەمی لەم بارەوە نەکەن چونکە ئەگەر ئەم کارە نەکرێت حاجیان گلەیی دەکەن و دەڵێن پشتگوێ خراوین .

٧- سەردانی بە کۆمەڵی حاجیەکان لەگەڵ حەملەدار و فەرمانبەرەکان بۆ شوێنە پیرۆز و پڕ لەیادگاریەکانی مەککە و مەدینە زۆر بەپێز و سود بەخشە , بەلآم گلەیی لەوە دەکرێت کە ئەم سەردانانە زۆر بەپەلەپەل و لەکۆڵ دەکرێنەوە، هەروەها ئەو بڕە پارەیەی کە حەملەدارەکان لە حاجیان وەری دەگرن قسەی لەسەر دەکرێت، بۆ نمونە دەڵێن نرخەکان لە قافڵەیەکەوە بۆ قافڵەیەکی تر جیاوازە، دەڵێن حەملەدار زیاد وەردەگرێت‌و قازانجی بۆ دەمێنێتەوە، ئەمانە قسەی هەندێك لە حاجیەکانە، بۆیە پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتر بەم کارە بدرێت، شوێنەکان دیاری بکرێت‌و

زیاتر بکرێت، بۆ نمونه هەر رۆژە و سەردانی شوێنێك بکرێت و زیاتر بمێننەوە، هەروەها خەرجی کرێی پاسەکانیش لەپارە وەرگیراوەکەی حاجیان بدرێت.

٨- حاجیان گلەیی لە دووری ئوتێلەکان لەحەرەمی مەککە دەکەن , گلەیی لەخزمەتگوزاریەکان دەکەن , پێشنیار دەکەم کرێی خەرجی حەج زیاتر وەربگیرێت و خۆش گوزەرانیەکی زیاتر بۆ حاجیانی کوردستان دابین بکرێت ئەو کاتە کەس گلەیی ناکات و هەرکەسیش پارەی نەبێت حەجی لەسەر نییە , ئوتێلەکان با ڕا قی و پێشکەوتووبن خزمەتگوزاری زۆریان تێدابێت , زۆر نزیك بن، ئەو پارەیەی دەدرێت بەپاس بۆ گواستنەوەی حاجیان لە ئوتێلی دوورەوە بۆ حەرەم بخرێتە سەر پارەی ئوتێلێکی نزیك لە حەرەم , ژمارەیمەسعەدە کارەباییەکان زۆر بێت هەروەها گەورەش بێت، چونکە کەمی و بچوکی مەسعەدەکان دەبنە هۆکاری دروست بوونی قەرەباڵغی و پاشان کێشەوهەرا لە نێوان خەڵکی لەسەر سەرکەوتنی مەسعەدەکان.

٩- زۆرێك پێیان وایە پێویستە خواردن بە حاجیان بدرێت، پێشنیار دەکەم خواردنی پاكوباش و گونجاو لەگەڵ زەوق و تەبعی حاجیانی خۆماندا بدرێت، بەتایبەتی ئەو خواردنانەی کە زوو خراپ نابن و مانەوە خراپیان ناکات هەر وەها میوە و شەربەت و خواردەمەنیە بەسودەکانی تر .

١٠- ئەو پاسانەی کە ئەرکیان گواستنەوەی حاجیانە لە ئوتێلەکانەوە بۆ حەرەم گلەییان لێ دەکرێت کە لەکاتی خۆیدا ئامادە نابن بەتایبەتی لەگەڕانەوە بۆ ئوتێلو لەکاتی نوێژەکانی مەغریب و عیشا بەئاسانی دەستناکەون، پێشنیار دەکەم لەکاتی بەکرێ گرتندا ئەوە بەمەرج بگیرێت کە شۆفێرەکان کەسانی باش بنوبەڕێز و بەئیحترامەوە لەخزمەتی حاجیاندا بن و لیژنەی تایبەت هەبێت چاودێری بکات و صەلاحیەتی غەرامەکردنی هەبێت لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەو شۆفێرانەدا .

١١- ئەوپاسانەی کە حاجیان دەگوێزنەوە بۆ عەرەفە و پاشان موزدەلیفە و مونا هەوڵبدرێت ئامێری فێنککەرەوەیان تێدا بێت و پاك و خاوێن و مۆدێل بەرزبن .

١٢- گلەیی زۆر دەکرێت لە کەمی و بچوکی خێمەکانی عەرەفە و مونا بەتایبەتی خێمەکانی مونا و هەروەها کەمی تەوالێتەکان کە زۆرجار کێشەی لێ پەیدا دەبێت، پێشنیار دەکەم بەهەر رێگە و شێوازێك دەبێت ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت.

١٣- دووەم رۆژی جەژن کە حاجیان پەلەدەکەن و مونا بەرەو مەککە بەجێ دەهێڵن قەرەباڵغیەکی زۆر لەڕێگای مککە و مونا دروست دەبێت، پێشنیار دەکەم داوابکرێت حاجیانی کوردستان ئەو شەوەش لە مونا بمێننەوە چونکە ئەو ناخۆشی و جێگا تەنگیەی مونا کەم دەبێتەوە بەهۆی چۆڵ بونی زۆربەی خێمەکان هەروەها بۆ ئاسان کاری و سەلامەتی حاجیان وا باشترە جونکە رۆژی سێیەم رێگای مونا بۆ مەککە ئاسان تر و سەلامەت تر دەبێت .

١٤- پێشنیار دەکەم تەنسیق لەگەڵ بەرپرسانی حەجی سعودیە بکرێت کە کتێب و مەنشوراتی کوردی زۆر بڵاو بکرێتەوە و ئەو بڵاوکراوانە بە ڕەزامەندی لیژنەی تایبەتی وەزارەتی ئەوقافی کوردستان بێت، موعتەدیل و گونجاو بن لەوانەی کە هەوێنی دابین کردنی مافەکانی هەموان و پێکەوە ژیانن، هەروەها ئەو وتار و رێنماییانە کە بەزمانە جۆراوجۆرەکان پێشکەش دەکرێت داوابکرێت بەشی کوردیشی تێدا بێت، بە هەمان پێودانگی سەرەوە .

١٥- پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتر بەپۆشینی جل و بەرگی کوردی بدرێت، بەفەرمی داوا بکرێت لە حاجیانی کوردستان، ژن و پیاو جگە لەکاتی ئیحرامی پیاوەکان، ئیتر تەنها جلی کوردی لەبەر بکرێت .

١٦- زۆرگرنگی بدرێت بەبەشداری کردنی کورد لە کۆڕوسیمینارەکان (موتمرات الجاليات و الشعوب). پێشنیار دەکەم پێش وەخت لیژنەیەك دیاری بکرێت تایبەتمەندی ئەم بەشداریانەبێت بەمەبەستی سەلماندنی تەواجودی کورد بە جیاواز لە عێراق و ناساندنی قەزیەی کوردی بە هەمووان.

١٧- لەوڵاتی سعودیە حاجیانمان قورئانی پیرۆز و کتێبی ئاینی شەرعی بەسود لەگەڵ خویان دەهێننەوە، دەستیان خۆش بێت، زۆر پیرۆزە، پێشنیار دەکەم ڕەوتی پێچەوانەش هەبێت ،بەمانای ئەوەی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستانیش بەهاوکاری لایەنی پەیوەندیدار چەند نامیلکەیەك بەچەند زمانێ بۆنمونە عەرەبی و ئینگلیزی و هتد... بەپوختی، مێژووی کورد، موسڵمانێتی گەلی کورد، کارەساتەکانی سەرمیللەتی کورد لە ئەنفال و کیمیا باران‌و ماڵوێرانی، سەلماندنی حەقی دەوڵەتداری بۆ کورد، هەروەها چەندان ناونیشانی تر، ئەم کتێبانە لەگەڵ سی دی‌وئامرازی دیکەی تەکنۆلۆجیای نوێ بدرێت بەحاجیەکان لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ حەج هەروەها لەرێگەی فەرمانبەر و مدیرەکانەوە لە وڵاتی سعودیە بلاَو بکرێتەوە و بدرێت بە نێردەوحاجیانی وڵاتە جیاوازەکان .

١٨- سەفەر و ئیفادکردنی فەرمانبەرانی ئیداری لە بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف بەبۆچونی من هیچ خزمەتێك بە حاجیان‌وبەرەوپێش بردنی کاروبارەکانی حەج ناکات هیچیش لە ئەرکی سەرشانی فەرمانبەرانی حەج و عومرە کەم ناکاتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم لەجێگەی فەرمانبەرانی ئەوقاف باشترە فەرمانبەرانی حەج و عومرە سەفەربکەن بەمەرجی ئەوەی زیاتر خزمەت بکەن و ئەرکەکانی سەرشانیان بە گورج‌وگۆڵی بەجێ بهێنن بەبێ هەموو جارێك پێ وتن و داوالێکردن و هەرلەخۆیانەوە و لەئەنجامی ئەزموونەکانی پێشوویان بەئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن و خۆیان لەئاستی بەرپرسیارێتی دابنێن، ئەگەر خوانەخواستە کەمتەرخەم بوون ئەوا غەرامەبکرێن و لە ئیفادەکەیان ببڕێت یان ئیفاد هەر نەمێنێت و سیستەمی پاداشت (موکافەئە) بۆ چالاك و هەڵسوڕاوان پیادەبکرێت .

١٩- تەنها حەملەدارێك رەنگە بەتەواوەتی ئەرکەکانی سەرشانی پێ جێبەجێ نەکرێت، حاجیەیەك نەخۆش دەکەوێت دەیبات بۆ نەخۆشخانە، مەشغوڵ دەبێت بەکاری چەند حاجیەکەوە و ئەو حاجیەکانی تر پشتگوێ دەخات، پێشنیار دەکەم یارمەتی دەر(موساعید) بۆ حەملەدارەکان دابنرێتەوە، چونکە ئەگەر دوو کەس بن کاروبارەکان زۆر بە رێك و پێکی و باشتر بەرێوە دەبەن، ئەوان زیاتر لە فەرمانبەری ئیداری خزمەت دەکەن، ڕەنگە زیاتر ئیلتزاماتیان هەبێت و غەمی لێپرسینەوە زیاتر بخۆن چونکە لەبەر بەرژەوەندی کۆمپانیا و شانسی سەفەرکردنی زیاتریان پابەندبونیان بەخزمەت کردن زیاتر دەبێت .

٢٠- وەزارەتی ئەوقاف بەهاوکاری یەکێتی زانایان و مامۆستیانی ئەکادیمی پسپۆر لەبواری شەریعەتی ئیسلامی بەتایبەتی بابەتی حەج و عومرە ئەوانەی ئەزمونی عەمەلیان لە سەفەری حەج زیاتر هەیە، پرۆژە بەرنامەیەکی گشتگیری تێر و تەسەل لەبواری حەج و عومرە ئامادەبکەن‌وبیکەن بەکتێبێك کە هەموو فەتوا و مەسەلە شەرعیەکانی لەخۆ گرتبێ و ئەم کتێبە بکرێ بەسەرچاوە و مەرجەع بۆ فتوا لە هەموو کاروبارەکانی حەج و ساڵانەش ئەم کتێبە بەپێ ی ئەزمونی زیاتر وفتوای هاوچەرخ تازە بکرێتەوە .

٢١- ئەگەر هەرقافڵەیەك مورشیدێکی ئاینی هەبێت رەنگە هەرمورشیدێکی بەرێز بەگوێرەی فتوای زانایەکی گەورە یان ڕەئی ئەرجەحی مەزهەبێکی تایبەت یان کتێبێکی تر فتوا بدات و جیاواز بێت لەفتوای مورشیدی ئاینی قافڵەکەی تر ئەمەیش جیاوازی و دووبەرەکی و سەرگەردانی حاجیانی لێدەکەوێتەوە کەسانێك بەتایبەتی نەخوێندەوار بەلایەوە کارەساتی گەورە دەبێت‌و وادەزانێ حەجەکەی قەبوڵ نەبووە، لەبەر ئەم هۆیە پێشنیار دەکەم کەسێك بەناوی مورشیدی ئاینی بەمەبەستی وەڵامدانەوەو فتوا دان بەم شێوەیەی کەئێستا هەیە لەگەڵ قافڵەکان نەبێت .

٢٢- بۆ ئەوەی سەفەرێکی ئاوەها گەورە و پیرۆز بەبێ مامۆستا و رێ نیشاندەری ئاینی نەبێت پێشنیار دەکەم لەلایەن یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانەوە لیژنەیەکی فتوا لە سێ یان زیاتر مامۆستای ئاینی ناسراو بەزانست‌وتەقوا لەسەر ئاستی کوردستان دیاری بکرێن و ئەرکی فەتوا ی حەج لەسەر شانی ئەو لیژنە بەرێزە بێت ، ئەم لیژنەیەش هاوڕا (متفق)بن لەگەڵ کتێبەبڕیارلەسەر دراوەکە .

٢٣- هەرقافڵەیەك، حەملەدار یان موساعدەكەی ئەركی سەرشانی بێت كەبەگوێرەی ئەوكتێبەی كە لەخاڵی ٢٠ ئاماژەم پێدا وەڵامی پرسیارە عەمەلیە ئاسانەكانی حاجیانی قافڵەكەی بداتەوە، وە یەكێك لە مەرجەكانی شانسی سەفەركردنی حەملەدار و موساعدەكەی دەرچوون(ناجح) بوون بێت لە تاقیكرنەوەیەك كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە ئەنجام دەدرێت و ئیمتیحانەكەش تەنها لەو كتیبە بكرێت كە ئاماژەم پێ كرد، حاجیانی كورد زۆرجار گلەیی نەبونی ئەوە دەكەن كە حاجیانی ولأتانی تر كەسێك پێشیان دەكەوێت زیكر و ئەوراد و دوعاكان بەدەنگی بەرز دەخوێنێت و ئەوانیش لەدوایەوە دەیڵێنەوە، ئەو جۆرەكارانە(هەروەها خوێندنەوەی سرودومەدیح ومونـاجاتی ئاینی) حەملەدار یان موساعدەكەی دەتوانن جێبەجێی بكەن و مایەی ڕەزامەندیو دڵخۆشبونی حاجیەكان دەبێت .

٢٤- مامۆستای ئاینی وەك هەر فەرمانبەرێك (بەلأم زۆر بەرز و بەڕێز)حەقی خۆیەتی لە وەزارەتی ئەوقافەوە خەلأت یان (ئیفاد)بكرێت، یەكێك لەو خەلأتە گەورانەش سەفەری حەجە , پێشنیار دەكەم هەموو ساڵێك چەند مامۆستایەك لەلایەن یەكێتی زانایانەوە دیاری بكرێت بەمەرجێك سەفەری حەجیان لەپێشتر نەكردبێت خەرجی حەجەكەشیان لەسەرحسابی وەزارەت بێت نەك لەسەر پارەی حاجیان وەك دەوترێت،چونكە ئەمە بۆ شكۆی مامۆستای ئاینی جوان نیە, وە مامۆستایانی بەرێز لەوە ئاگاداربن كە تەكلیفی فتوادان لەسەر شانی ئەوان نییە، وە هیچ ئەركێكی وەزیفیان لەسەر نەبێت، تەنها بەویستی خۆیان ئەگەر بیانەوێت وەك هەموو كات كردویانە وەعز و نەصیحەتی خێربكەن، ئاستی ڕۆحیوئیمانی حاجیەكان بەرز بكەنەوە بەشێوەیەك تاموچێژ لەخواپەرستییەكان وەربگرن چونكە زۆر بەداخەوە هەندێك جار هەست دەكرێت ئەو ڕۆحیەتە لەئاستی گەورەیی ئەو سەفەرە پیرۆزە پڕ پیتوبەرەكەتەدا نیە.

٢٥- لەدوای بەجێهێنانی فەریزەی حەج و كۆتایهاتنی واجبەكان , حاجیەكانمان توشی فەراغ و بیركردنەوەی ماڵ و منداڵ و كەسابەتەكانیان دەبن، ڕەنگە لەئەنجامی ئەمەوە كێشە و رووداوی نەخوازراو دروست بێت ,پێشنیار دەكەم خەمی ئەم بارودۆخە بخورێت و چارەسەری بۆ دابنرێت، ئەویش بە دانانی بەرنامەیەك بۆ پڕكردنەوەی كاتەكان وەكو ڕێكخستنی كۆڕو كۆبونەوەی وەعزوئیرشادو باس كردنی بەرەكەتوخێری گەورەی نوێژوخواپەرستی لە شوێنە پیرۆزەكان، هەروەها ڕێكخستنی سەفەروسەردانی كردنی شوێنە گەشتیارییەكانو سەردانی بازاڕی گەورەی شارەكانی تری وەكو طائیف و شاری بازرگانی جدە و پایتەختی سیاسی وولأت (ریاض) بكرێت .

## بەشی دووەم/ پاشكۆ:-

### چالاكیەكان:

بەڕێوەبەرایەتیمان هەستاوە بەجێ بەجێ كردنی ئەركی سەرشانی لەئامادەسازی بۆ هاولأتیانی سنوری گەرمیان ئەوانەی كە سەفەری حەج دەكەن , بۆشارەزایی و زانیاری زیاتر لەسەرچۆنێتی ڕێكخستنی سەفەرەكە و ژمارە و ناوی حاجیان وچۆنێتی دانانی ناوەكان و كۆمپانیا و حەملەدارەكان لەگەڵ مورشیدی ئاینی و فەرمانبەری ئیداری و لیژنەی پزیشكی كە هاوسەفەری حاجیەكان بوون، هەروەها بڕی پارەی تەسلیمكراوی حاجیان بەحسابی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجوعومرە، ئەمانەهەمووی لەنوسراوی ژمارە (١٣٥) لە ٤-١٠-٢٠١١ هەروەها نوسراوی ژمارە (١٦٤)لە ١-١٢-٢٠١١ بەناونیشانی "رونكردنەوە" بۆ بەڕێوەبەرایەتی

گشتی حەجوعومرە-ژمێریاری- ڕوون کراوەتەوە و وێنەی نوسراوەکان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کراوەو لای خۆشمان وێنەی پارێزراوە, لێرەدا بە کورتی کاروچالاکیەکانمان بۆرێکخستن وسەرکەوتنی ئەم سەفەرە پڕ بەرەکەتە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە پێش چاوی بەڕێزتان :

١- بەهەوڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجوعومرە لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەی حاجیانمان بۆ ساڵی ٢٠١١ زیاد کرا ، بۆدەڤەری گەرمیان(٤٠) حاجی مان زیاد کرد، ئەم زیادکردنەشمان بە پێ ی ڕێنماییەکان لە ناوە دەرچوەکانی ساڵی ٢٠١٢ هێنایە پێشەوە، هەریەکەو بە ڕیزو زنجیرەی ناوەکانیان بەگوێرەی ئەو لیستەی حاجیانی ساڵی ٢٠١٢ کەلە بەردەستدایەحاجیەکانمان ئاگادارکردەوە (بۆ زانیاریتان ئەگەرلەڕیز بەندییەکان ناوێك دیاری نەکرابێت ئەوا لە مەحزەرێکماندا ئاماژەمان پێداوە کەلە فلاَن ڕۆژوبەروار لە سعاتی ئەوەندە تەلەفۆنمان بۆ کردووە وەلاَمی ئەوە بوو کە نامەوێت سەفەری حەجەکەم بێتە پێشەوە چونکە ئەمساڵ دەرفەتم نیە یان پارەم ئامادە نیە یان نەخۆشم ..هتد، هەروەها لە هەڵبژاردنی بەشەکان، بەپێ ی ڕێنماییەکانمان کردووە بۆ نمونە بەشی (بدل) یان (محرم حاجی)دیاری نەکراون ئەمەش لەسەر بەچاکزانینی خۆمان و پێشنیاری سەرەوەمان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووە )، پاشان نوسراومان بۆ کردن بۆ مامەڵەی پاسەپۆرت دەرکردنو لەگەڵ حاجیانی تری ساڵی ٢٠١١ ڕێکمانخستنوکاروباری سەفەری حەجمان لەلای خۆمانەوە بۆ جێ بە جێ کردن.

٢- لەڕۆژی ٢٧-٩-٢٠١١ بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەرکی سەرشانی حەملەدارەکان بەرامبەر بەحاجیان و ناساندنی حەملەدارەکان بەحاجیان و ناساندنی مورشیدە ئاینیەکان و فەرمانبەری ئیداری و لیژنەی پزیشکی هاوسەفەری حاجیان و دیاری کردنی ئەرکەکانیان بۆ ئەوەی هەموان یەکتری بناسن و بەئەرك و مافەکانیان ئاشنابن، لەمزگەوتی ئیمامی بوخاری کە فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی حەجوعومرەی گەرمیانیش لەوێیە، لەگەڵ سەرجەم حاجی و فەرمانبەران و بەئامادەبونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆبونەوەیەکمان سازدا .شایانی باسە بۆ هەمان مەبەست لە ڕۆژەکانی دوایی لەشاری چەمچەماڵ و دوابەدوای ئەوێ لەشاری کفریش هەمان خزمەتمان ئەنجامدا .

٣- لەڕۆژی ٤-/١٠ هەتاکو ٦-١٠-٢٠١١ لە بەشی سەرەوەی مزگەوتی ئیمامی بوخاری لە شاری کەلاربەئامادەبوونی حاجیە بەڕێزەکان کە بەرێگەی تەلەفون و بەئاگاداری لەتەلەفزیونە ناوخوییەکانەوە ئاگادارکرانەوە وبەشدارییان کرد، هەستاین بەسازدانی خولێکی رۆشنبیری(کە سێ ڕۆژی خایاندوکەم وێنە بوو لەسەر ئاستی کوردستان) سەبارەت بەئادابەکانی سەفەر و چۆنێتی بەجێهێنانی فەریزەی حەج کەتێدا ئیداریی شارەزا لەچۆنێتی سەفەرەکە و مامۆستای ئاینی کەسەفەری حەجیان کردبوو هەروەها پزیشکی بەئەزمون لە سەفەری حەج ومامۆستای زانکۆ بە شێوازی ئەکادیمیانە، هەریەکە و لەبواریپسپۆڕی خۆی موحازەرەکانیان بەشێوەیەکی پراکتیکی (عملی)پێشکەش کرد ,شایەنی باسە هەیکەلی کەعبەی پیرۆز و سەفا و مەروا و چۆنێتی ئیحرام پۆشین و تەواف کردن هەمووی نمایش کرا ولە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشەوە پیشاندراو بو بەجێگەی خۆشحاڵیو ڕەزامەندی هەموان بەتایبەتی حاجیانی بەشدار بوو .

٤- بەمەبەستی ئاسانکاریوقورس نەکردنی ئەرکی سەرشانی حاجیان، لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی گەرمیانەوە بەنوسراوی ژمارە (١٣٧)لە ٥-١٠-٢٠١١ داوامان کردوە مامۆستایانی ئاینی لەووتاری ڕۆژی هەینی پێش سەفەری حاجیەکانی گەرمیان ڕێنمایی و هۆشیاری بدەنە هاوڵاتیان کە حاجیانی ماڵی خوا بەدیاری و تەکلیفی زیاد خۆیان سەغڵەتو قەرزار نەکەن و لەکاتی گەرانەوەشیان هاولاَتیان ئیحراجیان نەکەن بەداواکردنی دیاری و سەردانی لەناکاو و ناوەخت .

٥- بە جیا لە ساڵانی پێشووتر کە حاجیانی سنوری گەرمیان هەریەکەو لەماڵی خۆیەوەبە سەیارەی خۆیان دەڕۆیشتن بۆ فڕۆکەخانەو دیسانەوە لەگەڕانەوەش بەسەیارەی خۆیانو بە قەرەباڵغیو نارەحەتی ڕێگەی دوور و ماندوبونێکی

زۆردەگەڕانەوە، بەڵام ئەمساڵ وەکو خزمەتێك بە حاجیانی سنوری گەرمیان بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە پاسمان دابین کرد بۆ گواستنەوەو گەڕانەوەشیان، لە مەراسیمێکی شیاودا بەئامادەبونی جەماوەرێکی زۆری کەس و کاری حاجیان و زانایانی ئاینی و بەئامادەبونی نوێنەری ئیدارەی گەرمیان، بەهاوکاری پۆلیس وئاسایش و هاتووچۆی گەرمیان کەئاسایش و سەلامەتی بارودۆخەکەیان ڕاگرت ، بەشێوەیەکی شیاو کەژاوەی حاجیان لەگەرمیان بەرێخراو لەچەمچەماڵیش بەهەمان مەراسیم , یەکسەر بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و لەویشەوە بەیارمەتی هاوکارانمان بەبێ هیچ نارەحەتی و چاوەڕوانیەکی زۆر بەفڕۆکە بەرەو وولاتی سعودیە بەڕێکەوتن، شایانی باسە لە فڕۆکەکەشدا بەرێگەی مایکرۆفونی ناوفڕۆکەکە ئەوخزمەتگوزاری و ئاسانکاریانە کەلەلایەن حکومەتی خۆماڵی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بەهاوولاتیانی کوردستان کراوە لەلایەن بەڕێوەبەری حەجی گەرمیانەوە خراوەتە بیری حاجیان و هەموان دەست بەدوعا لەخوای پەروەردگار پاڕانەوە حکومەت پایەدار و ئەم نیعمەتانەش بەردەوام و زیاتربێت.

٦- لەوولاتی سعودیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر بەسەرپەرشتی و چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە خزمەتمان بەسەرجەم حاجیانی کوردستان کردوە بەشێوەیەکی گشتی و بەحاجیانی سنوری گەرمیان بەشێوەیەکی تایبەتی , هەموو رۆژێك کۆبونەوەمان لەگەڵ حەملەدارەکان و فەرمانبەرانی ئیداری و مورشیدە دینی یەکانی گەرمیان هەبووە و ڕامانسپاردون کەکاری سەرەکی ئەوان خزمەتگوزاری و کارئاسانیە بۆ حاجیە بەرێزەکان و بەردەوامیش سەردانی مەیدانی ژووری حاجیەکان و هەوال پرسین لە چۆنێتی خزمەتگوزاریەکانمان کردوون و هەرپێویستیەکیان هەبوبێت لەرێگەی کەسە پەیوەندی دارەکانەوە بۆمان جیٚبەجێ کردوون کە شوکور بۆ خودا سەرچاوەی ڕەزامەندی هەمووان بووە .

٧- لەپاڵ مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج هەوڵمان داوە لەرێگەی بەشداری کردن لە کۆڕ و سیمینار و دانیشتنە کەسیەکانەوە، لەشوێنە پیرۆزەکان هەروەها لەرێگەوبان و بازاڕەکان، داوامانکردووە لە حاجیەکانمان بەتایبەتی حاجیانی سنوری گەرمیانی ئەنفالوسوتماك کراو بەئاڵای کوردستان و بەجلی ڕەسەنی کوردی گوزارشت و باس لە مەینەتیەکان و ئەنفال و کیمیاباران و هەوڵدان بۆ سرینەوەی ناسنامەی کورد و ئێستەشی لەگەڵ بێت بۆ هەولی بەزۆر دابرانی ناوچە کوردستانیەکان، گەلی کوردمان بەمیللەتان ناساندووە هەروەها لەشوینی یادەوەریەئاینیە پیرۆزەکان بەوتار یادی شەهیدە سەربەرزەکانی رێگەی ڕزگاری کوردستانمان کردوەتەوە و لەمەقامە پیرۆزەکانیش دەست بەنزا بووین بۆ سەربەرزی گەلی کوردستان و پاراستنی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردستان , لەگەڕانەوەشمان زۆر بەئاسانی گەڕاینەوە بۆ کوردستانی خۆشەویستمان و بەبی هیچ گرفت و ماندووبونێك بە پاسی ئامادە کراو لەناو فرۆکەخانەی سلێمانیەوە هەموو حاجیەکانمان بەخۆیان و شت مەکەکانیانەوە بەرێ خست بۆ شوێنەکانی خۆیان لە گەرمیان. سوپاسی بێ پایانمان بۆ دڵسۆزان کە هاوکاریان کردین، سەفەرەکەمان زۆر بە سەرکەوتووی بە ئەنجام گەیاند .

## کۆتایی

## داواکاری

لەسنوری گەرمیان خەڵكێكی زۆر بەئاواتی حەج كردنەوەن رۆژانە دەیان كەس پرسیار دەكەن بۆچی ناوەكانمان دەرناچێت، داوادەكەن رێگەیان پێ بدرێت سەفەری حەج بكەن , بەداخەوە لەگەرمیان بەهەزاران كەس ناو یان نوسیوەبۆحەج، بەلأم بۆ هەرساڵێك ٢٧٠ كەس یان كەمتر شانسی حەجی هەبووە , ڕەنگە یەكێك لەهۆكارەكانی لاسەنگ بوونی ئەم هاوكیشەیە لەسنوری گەرمیان لەوەدابێت كە بەپێی ژمارەی دانیشتوان ژمارەی حاجیەكان دیاری دەكرێت، بەلأم لەگەرمیان ئەو خێزانانەی كە ماددەی (١٤٠ ) گرتونییەتەوەو لەسەر ناوچە دابراوەكان حسابیان بۆ كراوە ولەسەرژمێریدا لە كەلارو گەرمیان ئەژمار ناكرێن، بەلأم ئەو خێزانانە هەر لەكەلار نشتەجێن و لەسەر گەرمیانیش خۆیان دەنووسن، بۆیە ژمارەكە زۆرە و ئیستحقاقەكەش كەمە ,داواكاریەكەم ئەوەیە هەرچەند دەكرێت ئەو خەڵكانەی گەرمیان با ئاواتی حەج كردن نەبەنە ژێرگڵەوە، دانیشتوانی گەرمیان بەتایبەتی پاشماوەی ئەنفال و كارەسات بار و ماڵ وێرانكراوەكان باچنە خزمەتی كەعبەی پیرۆزی خانەی پەروەردەگار، بچنە خزمەتی پیغەمبەری سەردار (درودی خودای لە سەر بێت) گلەیی دایكە پیر و لاوازەكان كەبەپێش چاویانەوە رۆڵەكانیان گوللەباران كران، بەپێش چاویانەوە كۆرپەكانیان لەبرساولەتینوانا بەدەم ئەڵهای دایە ئاوەوە مردنو بەپێش چاویانەوە سەگ و دڕندەكان لەشەكانیان خواردن، ڕێگەیان بدەن با ئەم مەزڵومییەتە گەورەیە، گلەیی مزگەوتوتەكیە و خانەقا سوتاو و وێران كراوەكان، دیوەخانوسفرە هەمووكات ڕاخراوەكان،سوخمەوجامانە ڕفێنراوەكان، گلەیی كوڕ و كچە خێر لەخۆنەدیوەكان، ئەنگوستی ڕزیوی ئەڵقە لێدزاوی دەزگیراندارەكان، هاوار و دادوبێدادی قورگی تاساوی لەتینوان ووشك بوی هەزاران كەس بگەیەننە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، نزاو پاڕانەوەی ستەم لێكراوان لای پەروەردگار ڕەتناكرێتەوە بەتایبەتی لەشوێنومەقامە هەرە پیرۆزەكان،بابڕۆنە ئەوێو بپاڕێنەوە بۆ ڕزگاریوسەربەرزیوبەدەوڵەت بوونی كوردستان، ڕێ ڕەوی كاروانەكەی سەفەری حەج بەسەر باشوری عێراقدا دەڕوات بۆنی هەناسەی هەڵكڕوزاوی خۆشەویستانی كەسو كاری ئەنفالكراوانی لێدێت كەلەوێ زیندە بەچاڵ كران، با پڕبەسییەكانیان ئەو هەناسە شۆر كراوەی شۆرەكاتی بیابان چون خوێ قرچە لە دڵە زامدارە سارێژ نەبووەكان هەڵبستێنێت و ئیتر تاسەی دڵە چاوەڕوانەكان بەیەكجاری كەفوكوڵی دامركێتەوە، داواكارم لەبەرپرسانی كوردستان موراعاتی ئەم تایبەتمەندیانەی سنوری گەرمیان بكەن، لەهەموو ڕوویەكەوە پشكێكی زیاتر بە خەڵكی گەرمیان بدەن.

تێبینی / ئەو چەند دێڕەی كۆتایی باسەكەم بەشێكە لە سۆزە پەخشانێك لە تەنیشت مەقامی پیرۆزی سەروەری مرۆڤایەتی (صل الله علیه وسلم ) كە دەروێشانە هاتونەتە خەیاڵموهەرلەوێ تۆمارم كردوون.